# کۆماری سوریای عەرەبی

# الجمهورية العربية السورية




## دەستپێك:

وڵاتی سوریا دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، سنوورەکانی لەگەڵ تورکیا لە باکور بە درێژایی 800 کم چوارگۆشە، لەگەڵ عێراق لە ڕۆژهەڵات بە نزیکەی 622 کم چوارگۆشە، لە باکور لەگەڵ هەریەك لە ئەردەن و فەلەستین، لە رۆژئاوا لەگەڵ هەریەك لە لوبنان و دەریای سپی ناوەڕاستە. هەروەها ژمارەی دانیشتووانی بە پێی دوایین ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان (18) ملیۆن کەسە بۆ ساڵی 2022.

لە رووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە، وڵاتێکی فرە ئایین و نەتەوەییە، پێکهاتەی سوننە زۆرینەی دانیشتووانی پێکدێنێت، دواتریش چەند کەمینەیەکی تایەڤ دینی وەك درووز، پاشان شیعەی عەلەوی و کورد، شەرکەس و کریستیان و ئەرمەن... چەند مەزهەبێکی تر.

سوریا بە یەکێك لەو وڵاتانە دادەنرێت کە بە درێژایی مێژووەکەی زۆرترین رێژەی توندوتیژی سیاسی تۆمار کردووە. بە هۆی هەوڵە یەك لە دوای یەکەکان بۆ گۆڕینی سیستم، بە جۆرێك کودەتا بە تەواوی باڵی بەسەر ژیانی سیاسییدا کێشا بوو، لە سییەکانی سەدەی رابردوو تا پەنجا و شەستەکان زیاتر لە (8) کودەتای سەربازی بەخۆوە بینیوە، لە پاڵ (50) کودەتای سەرنەکەوتوو. دواهەمین کودەتا لە لایەن (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) بوو کە بە هاتنە سەر دەسەڵاتی (حافظ أسد) کۆتایی هات لە ساڵی (1970).

لە ساڵی (1973) یەکەم دەستووری کۆماری بڕیاری لەسەر درا، کە تیایدا سیستمی تاك حزبی لە ژێر دروشمی (سەرکردەی دەوڵەت و کۆمەڵگا) هاتە کایەوە، دوای مردنی ئەسەد لە 10 حوزەیرانی 2000 کوڕەکەی (بەشار ئەلئەسەد)ی تەمەن 34 ساڵ، بوو بە سەرۆکی وڵات، ئەویش دوایی هەموار کردنەوەی دەستور بە کەمکردنەوەی تەمەنی ڕێپێدراو بۆ سەرۆکی وڵات لە 40 ساڵیەوە بۆ 34 ساڵی.

## دامەزراوە فەرمییەکانی سیستمی سیاسی

### یەکەم/ دەسەڵاتی یاسادانان (السلطة التشريعية):

ئەمەش لە چوارچێوەی ئەنجومەنی گەل (مجلس الشعب) پیادە دەکرێت. ئەندامەکانی ئەنجومەن چوار ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێن، هەڵدەستن بە دەرکردنی

یاساکان و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی سیستمی سیاسی، لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەم دەسەلاٌتە:

- ڕاگەیاندنی پاڵێوراوان بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار.
- جێگیرکردنی یاساکان (إقرار القوانين).
- گفتوگۆکردن لە بارەی سیاسەتی حکومەت.
- پشتڕاستکردنەوەی بودجەی دەوڵەت و پلانی گەشەپێدان.
- پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان.
- ڕاگەیاندنی حاڵەتی جەنگ و ئاشتی.
- هەڵپەساردنی متمانە بە حکومەت یان بە یەکێك لە ئەندامانی حکومەت.

دەنگدان لە نێو ئەنجومەنی گەل بە نهێنی دەبێت، بڕیارەکان بە زۆرینەی رەها یاخود زۆرینەی ڕێژەیی دەردەچێت. چوار مانگ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات، لە باری نائاسایی سەرۆك کۆمار بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکات.

**دووەم/ دەسەلاٌتی جێبەجێکردن (السلطة التنفيذية):**

- دەسەلاٌتی جێبەجێکارە، حکومەت نوێنەرایەتی دەکات.
- بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن دەسەلاٌتی یاسادانان دەردەچێت.
- بەرپرسە لە ڕاپەڕاندنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت کە پێکدێت لە:

1- سەرۆکی وڵات: سەرۆك کۆمار، سەرۆکی دەسەلاٌتی جێبەجێکردنە. مەراسیم و بڕیار و فەرمانەکان دەردەکات. هەروەها سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی وڵاتە، دەسەلاٌتی جولاٌندنی سوپا و ڕاگەیاندنی باری ناکاو و ڕاگەیاندنی شەڕی هەیە.

2- **ئەنجومەنی وەزیران**: دەزگای باڵای کارگێڕی و جێبەجێکارە، سەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاساکان دەکات، بەرپرسە لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەکی وڵات، دوابەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەل بەرنامەی خۆی ئاراستەی حکومەت دەکات.

**لە گرنگترین کارەکانی ئەنجومەنی وەزیران:**

أ- دانانی پلانی جێبەجێکردن بۆ سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت.

ب- ئاڕاستە کردنی کاروباری وەزارەتەکان.

3- دانانی پلانی بودجەی گشتی دەوڵەت.

4- ئامادەکردنی پڕۆژە یاساکان.

5- ئامادەکردنی پلانی گەشەپێدان و گەشەپێدانی سامانە نەتەوەییەکان.

**سێیەم/ دەسەڵاتی دادوەری**: بەگوێرەی دەستور دەسەڵاتێکی تەواو و سەربەخۆیە. بەگوێرەی پرەنسیپی (دادوەران تەنها شوێنکەوتەی یاساکان و شەرەفی پیشە و ویژدانن)، گشت دادگاکان سەر بەم دەسەڵاتەن و گوێڕایەڵی بڕیارەکانین، بە دادگای باڵای دەستوریشەوە.